


# تەندروست و لەشێکی ڕێک بە (ئەکتیڤ) بسپێرە

کاتژمێرە زیرەکەکان هەتا دێ گشتگیرتر دەبن و هەرچەندە شوێنی مۆبایلی نەگرتۆتەوە، بەڵام لە داهاتوویەکی زوودا ڕەنگە شوێن و پێگەی مۆبایل بگرێتەوە. گەرچی کاتژمێرە زیرەکان مێژوویەکی زۆریان نییە، بەڵام لەم ماوە کەمەشدا کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای سەردەم ڕکابەری دەکەن لە بەرهەمهێنانی نوێترین کاتژمێری زیرەك.

کۆمپانیا ناسراوەکانی وەك ئەپل و سامسۆنگ و هواوی ...تاد پێشەنگن. سامسۆنگ لەم ماوەیەدا کاتژمێری زیرەکی جۆری swatch Activeی بەرهەم هێنا. کاریگەری و ئەرکەکانی کاتژمێری زیرەك لەسەر تەندروستی و لەشساغی مرۆڤ زیاترە تاکو مۆبایل، چونکە هەموو کاتژمێرێك وەك چاودێری ڕێك ئەندامی مرۆڤ دادەنرێ.

ئەوانەی ئۆگر و لایەنگری کاتژمێری زیرەکن، زیاتر گەنجەکانن، چونکە ئەوان زیاتر گرنگی بەوەرزش و تەندروستی دەدەن.

کاتژمێری زیرەکی گەلەکسی active لەگەڵ ئەوەیدا ستایلێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە، لە ریزی باشەکان دێت بۆ چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەی. تەنکە و کێشی کەمە. مینۆ و پرۆگرامەکانی سادەن، بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی ستایلەکەی بگۆڕێ بە جۆرێك لەگەڵ جلوبەرگەکەی بگونجێت. ئەرکی چاودێری خەو، سترێس و نیگەرانی، لێدانی دڵ، فشاری خوێن، پێوانی هەنگاو، مەودای ڕۆیشتن...تاد لەو ئەرکانەن کە کاتژمێرەکە بە باشی ئەنجامیان دەدا.

کاتژمێرە زیرەکەکە خۆی چالاکیە وەرزشییەکان لێکجیا دەکاتەوە، وەك پایسکل سواری، ڕاکردن، بەپێ ڕۆیشتن و جوڵانەوە لەسەر ئامێرەکانی وەرزش کردن دەناسێت و دەشکرێتت بە ویستی خۆت ٣٩ چالاکی بەشێوەی دەستی هەڵبژێری و ئامانجێك بۆ گەیشتن بە مەبەستت دیاری بکەی، بۆ نموونە نیازت هەبێ ڕۆژانەی ٥ کیلۆمەتر بڕۆی، یان چەند کیلۆمەترێك مەلە بکەی.

کاتژمێری ناوبراو لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێ و بەهۆیەوە دەکرێت وەڵامی پەیوەندییەکان و پەیامەکان بدەیەوە.



## فلاش میمۆرییەک هاک ناکرێت

فلاش میمۆری یان سندوقی زانیارییە تاکەکەسییەکان، نەك تاکەکەسی بەڵکو زانیارییە گرنگەکان لە هەر بوارێکدا. فلاش میمۆری بەکارهێنانی ئاسانە، هەڵگرتنیشی ئاسانە، بەڵام ون بوون و تێکچوونیشی ئاسانە! فلاش میمۆرییەکان بە زۆری لە داتاگەیەکی هەڵگری زانیارییەکان دادەنرێت، بەڵام ئەگەر بزر بێت ئیدی دزەکردن و چوونە ناو فلاشەکە ئاسانە، هەرچەندە هەندێك لە فلاش میمۆرییەکان پاسۆردیان لەسەر دادەنرێ، بەڵام ئەویش لەلایەن کەسانی شارەزا دەکرێتەوە.

لەم دواییەدا کۆمپانیای ئای دیسك، فلاش میمۆرییەکی بەرهەم هێناوە کە لە بۆ کردنەوە و بەکارهێنانی لە تۆڕی گلێنەی چاو سوود وەردەگرێ. تۆڕی گلێنەی چاو وەك پەنجەمۆر دەچێت و هی هیچ کەسێك وەك کەسێکی دیکە ناچێت، کامێرایەکی بچووکی لەسەرە و هەتا خودی خاوەنەکەی نەبینێت فلاشەکە ناکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هاککەرێك بیەوێ کۆپی گلێنەی چاوی بەکارهێنەرکەش بکات هێشتا ناکرێتەوە، تەنیا بەکارهێنەری خۆی دەتوانێت بیکاتەوە، تەنانەت بە وێنەی بەکارهێنەرەکەش ناکرێتەوە و بۆ کردنەوەی دەبێت بەکارهێنەر سەیری کامێراکە بکات.

# سەرنجێک لەسەر کامێرای سمۆئەکشن




چەندین جار هەر لە بەشی ئایتیدا سەبارەت بە کامێراکانی گۆپرۆ بابەت و زانیاریمان بڵاوکردۆتەوە، کامێراکانی گۆپرۆ، کامێرای ئەکشن و واتە تایبەتن بە گرتنی وێنە جوڵەدارەکان، وەك وەرزش و راکردن و ئەو دیمەنانەی زۆر دەگمەنن و دووپات نابنەوە..

کامێرای جۆری سمۆئەکشنی DJI وەك رکابەرێکی جیدی لە ئاست کامێراکانی گۆپرۆ دەرکەوتووە. کامێرای ناوبراو شاشەیەکی ٢,٣ ئینجی هەیە و بەهۆیەوە دەتوانرێ فیلم بە کوالیتی 4K HDR بگری. دژە بەرکەوتنە و لەبەرزایی مەتر ونیوێك بکەوێتەخوارەوە هیچی لێنایە و لە قوڵایی دە مەتر لەژێر ئاویشدا کێشەی بۆ نایەتە پێش. هەروەها لە کەش و هەوای گەرما و سەرمادا هیچ کێشەیەکی نییە. باترییەکی بەهێزی هەیە لە حاڵەتی فیلم گرتن بە سیستەمی 4k هەتا ٩٣ خولەك باترییەکی دانابەزێت و لە حاڵەتێکی ئاساییدا هەتا ١٣٥ خولەك باتری دانابەزێت.

کامێرای ئاماژە بۆ کراو دوو شاشەی هەیە، شاشەیەکی ١,٤ ئینجی لە پێشەوە و کامێرایەکی ٢,٣ لە پێشتەوە.




## مۆبایلێک بە کامێرایەکی ٤٨ میگاپیکسلی بەرهەم دێت

کامێرایەکی باش بۆ مۆبایل یەکێکە لە تایبەتمەندییە ئەرێنییەکان. مۆبایلێك هەتا کامێرایەکی بەهێزی هەبێت بە گرنگییەوە سەیر دەکرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە دیمەن و ساتەکان بۆ وێنەگرتن ڕا دەکەن و کامێرا ناکرێت هەمیشە لەگەڵ خۆت بۆ هەموو شوێنێکی بەری، بەڵام مۆبایل هەمیشە لەگەڵتدایە.

لەم ماوەیەدا مۆبایلی OnePlus 7 وەك یەکێك لە مۆبایلە سەرکەوتووەکان خرایە بازاڕ، مۆبایلێك کە کامێراکەی ٤٨ میگاپیکسلە. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی مۆبایلەکە ئەمانەن:

شاشەی مۆبایلەکە ٦,٤١ ئینجە لە جۆری Optic AMOLED ە. شوێنی پەنجەمۆر لەسەر خودی شاشەکەیە.

مۆبایلەکە بە دوو تایبەتمەندی جیاوازە بەرهەم هاتوون، ٨ گیگابایت رام و ٢٥٦ گیگا میمۆری، ٦ گیگابایت رام و ١٢٨ گیگابایت میمۆری.

کامێرایەکی دوانە لە پشتەوەی مۆبایلەکەیە کە هەستەوەری ٤٨ میگاپیکسلی لەسەرە و دژە لەرینە. فیلمەکان بە کوالیتی سەرووی ئێچ دین.

کامێرای پێشەوەی مۆبایلەکە واتە کامێرای سێلفی ١٦ میگاپیسکلە، ئەویش ڤیدیۆکان بە فول ئیچدی تۆمار دەکا. باترییەکی بەهێزی لەسەرە ٣٧٠٠ میلی ئامپێر. مۆبایلەکە دوو رەنگی رەساسی و سووری هەیە.




# چەند سەرنجێک لەسەر تێرموستاتە زیرەکان

رەنگە بۆ زۆر کەس وشەی تێرموستات Thermostat زۆر ئاشنا نەبێ، ناوی چ ئامێرێکە و چ سوودی لێوەردەگیرێ؟ تێرموستات ئەو ئامێرانەن کە ئەرکیان رێکخستنی وزەی کارەبایە، بۆ نموونە بزانی لە ماڵدا کام ئامێر زۆرتر کارەبای دەوێت و کامە ئامێر لە چ ساتێکدا هەڵبێت و بکوژێتەوە. حەز دەکەی کاتژمێر ٥ تیڤیەکە هەڵبێت، یان کاتژمێر سێی بەیانی سپلیت بکوژێتەوە. رێکخستنی ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە وەك هەڵبوون و کوژانەوە ئامێری تێرموستات ئەنجامی دەدات.. تێرمۆستاتەکان توانا و قەبارەیان جیاوازە.. یەکێك لە تێرمۆستاتەکان کە لێرە بە نموونە دەیهێنینەوە، ecobee4یە. ئەم تێرموستاتە هۆشمەندە و بە ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و لەگەڵ سیستەمی دەنگی ئەلێکسا یەکتر دەخوێننەوە.

تێرموستاتی ناوبراو چەندین هەستەوەری هەیە، وەك هەستەوەری دژە ئاگر کەتنەوە، دژە تەڕبوون و ئاو، هەستەوەری دژە غازی ماڵەوە.. بۆ نموونە هەرکاتێك بۆنی غاز هات، دەستبەجێ جەرەسی ئاگادارکردنەوە لێدەدا.. ئەرکی تێرموستاتی ناوبراو تەنیا رێکخستنی وزە و ئاگادار کردنەوە نییە، بگرە دەکرێت پێ بڵێی هەواڵەکانی ئەمڕۆ بخوێنەوە، یان سەردێڕی هەواڵەکانی رۆژنامەی تایمز و یا رۆیتەرز بخوێنێتەوە.. دەکرێت وای رێك بخەی کە نەهێڵێت پلەی گەرمی لە ژمارەیەك زیاد و کەم نەکات، یان شەوانە جۆرێك بێت و رۆژانە جۆرێکی تر.

ecobee4 دیزاینێکی ناوازەی هەیە و لەمسیە، لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، زۆرجاران کە لاپەڕەیەك تایپ دەکەم، یان کارێك لەسەر فایلێکی word, excel, PowerPoint...تاد دەکەم، بەهۆی ئەوەی سەیڤم نەکردووە یان کارەبا رۆیشتووە هەموو ماندووبوونەکەم دەبێتەوە هیچ، هیچ رێگایەك نییە بۆ گەڕانەوەی فایلە خەزن نەکراوەکانی ئۆفیس؟**

خوێنەری بەڕێز، هەموو گرفتێك لە جیهانی کۆمپیوتەردا رێگا چارەی خۆی هەیە، بەڵێ ئەوەش هەم دەکرێت لە خودی پرۆگرامەکانی ئۆفیس رێکی بخەی، بۆ نموونە وای دابنێی بەماوەی سێ خولەك یان کەمتر لەوەش لاپەڕەکەت بۆ خەزن بکات. باشترین رێگا چارەش ئەوەیە پرۆگرامی Easy Office Recover بەکار بێنی. ئەم پرۆگرامە ئەرکی گەڕانەوەی فایلە خەزن نەکراوە و تەنانەت سڕاوەکانی ئۆفیسی مایکرۆسۆفتە، بۆ نموونە فایلێکت سڕیوەتەوە، یان تێکچووە، یان هەر خۆت خەزن نەکردووە، بەو پرۆگرامە دەتوانی بیگەڕێنیەوە.. دوای ئەوەی گشت فایلەکان دەگەڕێنێتەوە، کلیك لەسەر فایلێك دەکەی، چەند دێڕێکت لەفایلە نیشان دەدا بۆ ئەوەی دڵنیا بی ئەو فایلەت مەبەستە..

# پرۆگرامێک بۆ نووسینەوەی نۆتەکانی مۆسیقا

ئەوانەی ئۆگری فێربوونی مۆسیقاو ئاوازان، دەزانن ئەلف و بێی مۆسیقا نۆتەیە، بەبێ نۆتە وەك نەخوێندەوارێکی لە مۆسیقادا. نۆتە زمانی نووسینی تایبەت بەخۆی هەیە و شارەزایانی ئەو بوارە تێیدەگەن.

یەکێك لە پرۆگرامەکانی بواری نووسینەوەی نۆتە و رەنگە یەکێك لە باشترینەکانیش بێت، پرۆگرامی Avid Sibelius ە، پرۆگرامێکە بۆ دروستکردنی ئاوازێك و سوودی لێوەردەگیرێ.

ئەم پرۆگرامە زۆر پێشکەوتووەو تواناکانی گەلێکن کە بۆ نووسینی نۆتە بە شێوەی دیجیتالی سوودی لێوەردەگیرێ. ئەم پرۆگرامە وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی بواری مۆسیقا لەلایەن مامۆستایانی و فێرکارانی ئەم بوارە سوودی لێدەبینندرێ.

پرۆگرامەکە لەگەڵ سیستەمی لەمسی و تەبلێت و مۆبایلەکانیش دەگونجێ. هەروەها ئەو ئامێرانەی کە قەڵەمی تایبەت بە نووسینی سەرشاشەیان هەیە دەتوانن لەم پرۆگرامە سوود وەربگرن. پرۆگرامەکە بواری گرافیکی سەرنج راکێشە و دەکرێت دوای ئەوەی ئاوازێکت نووسیوە لەیەکێك لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هاوبەشی بکەی و هەروەها دەتوانرێ کۆمێنت بۆ نۆتەکان بنووسی.





# پرینتەرێک گوێ بە فەرمانەکانت دەدا

پرینتەر یا چاپگەر ئەو ئامێرەیە کە داتاکان لەسەر کۆمپیوتەرەوە دەخاتە سەر کاغەز. جۆر و شێوازی کارکردنی پرینتەرەکان جیایە، بەڵام یەك ئەرك ئەنجام دەدەن، ئەویش ئەوەی سەرشاشەیە بیخەنە سەر کاغەز.

ئێستا بازاڕی پرینتەرە بچووکەکان گەرمە، لەم ماوەیەدا HP پرینتەرێکی بچووکی بەرهەم هێنا، کە شێواز و ستایلەکەی زۆر وەك کتێبێك دەچێت و دیزاینەکەی سەرنج ڕاکێشە.

پرینتەرە بچووەکە بە Tango ناسراوە و خاڵی جێگای سەرنجی تانگۆ ئەوەیە بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی فەرمانەکان ئەنجام دەدات، بۆ نموونە دەکرێ پێی بڵێی لەم بابەتە تەنیا لاپەڕەی چوارم بۆ چاپ بکە، یان پێی بڵێی لە فڵانە پەڕگەیەدا فڵانە لاپەڕە و فڵانە لاپەڕە چاپ بکە.

پرینتەرەکە لەگەڵ سیستەمی ئەلکسا و کۆرتانا و گۆگل سیستنیت دەگونجێ و لە هەر شوێنێك بی دەکرێت فەرمانی پێبدەی، بۆ نموونە دەکرێت پێی بڵێی هەموو هەواڵەکانی فڵانە ماڵپەڕەم بۆ چاپ بکە، یان زانیارییەکانی سەبارەت بە کەش و هەوام بۆ چاپ بکە.

لە پرینتەرەکەدا خزمەتگوزارییەکی سەرنج ڕاکێش هەیە، هەرکاتێك هەستی بەوەی کرد کە حیبرەکەی کۆتایی دەبێت خۆی ئۆتۆماتیکی پەیام بۆ شوێنی حیبر فرۆشی دەنێرێت و کاتریجی تایبەت بەخۆی داوا دەکات، لە پێشدا بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.



## ماڵپەڕێک بۆ دۆزینەوەی ئاوازەکان

جار هەیە گوێت لە گۆرانییەك بووە، یان پارچە مۆسیقایەکی خۆش، بەڵام هەرچەند دەکەی نازانی ناوی گۆرانی بێژەکە کێیە و لە گوگڵیش نازانی چ شتێك سێرچ بکەی بۆ ئەوەی گۆرانییەکەت بۆ بدۆزێتەوە.

ماڵپەڕی midomi.com. تایبەت بە دۆزینەوەی گۆرانی و ئاواز، بەشێوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش، لەوەش ئاسانتر نابێ.. کاتێك ماڵپەڕەکە دەکەیەوە هێمایەکی مایکرۆفۆن دەبینی، کلیکی لەسەر بکە و دەست بکە بە گوتنی ئەو گۆرانییەی کە بەدوایدا دەگەڕێی، ماڵپەڕەکە بەشێوەیەکی هۆشمەندانە ئاوازەکە دەدۆزێتەوە. ئەگەر پارچەیەکیشت لەو مۆسیقایە هەبوو دەکرێ ئەو پارچە مۆسیقایە لێبدەی و تاکو گۆرانییەکە بدۆززێتەوە، بەڵام ئەم سایتە تەنیا بۆ ئاواز و گۆرانی ئینگلیزیە و پشتیوانی لە زمانی کوردی ناکات.

# لاپتۆپێکی بەهێزی گەیمینگ بەدوو شاشەوە

ئەو لاپتۆپانەی بۆ ئەرکی قورس وەك گەیمینگ یان گرافیك بەکار دێن کوالیتیان دەبێ زۆر لەسەرێ بێ، هەر بۆیە لەم ماوەیەدا کۆمپانیای HP نوێترین لاپتۆپی خۆی واتە Omen X 2S خستەڕوو، ئەمە یەکەم لاپتۆپە کە خاوەنی دوو شاشەی لێکجیا بێت.

شاشەی لاپتۆپەکە ١٥ ئینجە و شاشەیەکی دیکەشی لەگەڵە کە ٦ ئینجە، کوالیتی شاشەی دووەم فول ئیچ دییە و کەوتووتە سەر کیبۆردەکە. هەرچەندە یاری کردن لەسەر شاشەی دووەم کە بەقەد مۆبایلێك دەبێت گرنگی نییە، بەڵام دەکرێ بڵێین ئەمە هەنگاوێکە بۆ ئەوەی لەداهاتوودا شتی باشتر بەرهەم بێت.

شاشە بچووکەکە وەك مۆبایلێکە و دەکرێت بۆ بەڕێکردنی پەیامەکان، سەیرکردنی ڤیدیۆکانی یوتیوب و وەك ژمێرەرێك سەیر بکرێت.

پرۆسیسەری لاپتۆپەکە لە جۆری core i9یە، ڕامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەی ٢ ترابایتە و لە جۆری SSDیە. کارتی گرافیکی ٨ گیگابایتە. دەکرێت شاشەکە بە فول ئیچ دی یان بە 4kی دابنێی.



